# سەفەر

حەمەسەعید حەسەن




هەر کاتێ
بازێڕێ، وڵاتێ
جێ دێڵم،
هەر کاتێ
دەگەمە بازێڕێ، وڵاتێ،
خێڵی خەم
دەگاتە هەواری دەروونم،
هێشتاکە لەو هەموو وێسگەیە،
لەو هەموو گەراژ و بەندەر و فڕگەیە،
نە شۆخێ هاتووە
بە چەپکێ ماچەوە بە ڕێم کا،
نە جوانێ بە چەپکێ گوڵەوە
پێشوازیی لێ کردووم،
نازانم
چۆن سەدان سەفەرم کردووە و
لە داخا نەمردووم!

* سوپاس بۆ گۆران مەریوانی کە شیعری ‹سەفەر›ی کرد بە سوێدی، ئاخر هەر ئەو شیعرەم لە کتێبێکدا لەگەڵ بەرهەمی چەندان نووسەری دیکەدا بڵاو کرایەوە، لە کەتەلۆکێکدا کە تایبەت بوو بە ناساندنی بەرهەمی نووسەرانی ناسوێدی چاپ کرا، وەک بەشێک لە تێکستی شانۆنامەیەکی سوێدی نمایش کرا، بەرگی پرۆگرامی هەمان شانۆگەرییان پێ ڕازاندەوە و ژنە هونەرمەندێکی سوێدیش لەبەر ڕۆشنایی ئەو شیعرەدا کە چەند جارێک لە سەروەختی پرۆڤەی شانۆگەرییەکەدا گوێی لێ گرتبوو، هەندێک تابلۆی کێشا. سوپاس بۆ ئاشنا کەمال کە وێنەی ئەو بەشەی شانۆگەرییەکەی گرت و لە تەلەڤیزیۆنی شاری ‹ماڵموێ›وە نیشانی دا.